Bundesamt
für Migration
und Flüchtlinge

SORANI

# زانیاری دەربارەی
# گەڕانەوە لەسەر خواستی خۆت

## چی ڕوودەدات، ئەگەر داواکاری پەنابەرێتی ئێوە رەت کرا|رەفزکرا ؟

لە گەڵ رەتکردنەوە ی**داواکاری پەنابەرێتی** ئێوە دەربارەی ماوەیەکی دەستنیشانکراو ئاگادار دەکرێنەوە، بۆ ئەوەی ئێوە تا ئەو کاتە پێویستە بڕۆن. ئەم ماوە دەستنیشانکراوە لە نێوان **هەفتەیەک بۆ ۳۰ رۆژە. ئەگەر ئێوە لەو ماوە دەستنیشانکراوەدا لەسەرخواستی خۆت نەگەڕێنەوە، دەکرێ ئێوە بە زۆرەملێ بۆ وەڵاتەکەی خۆتان بگەرێندرێنەوە (گەڕاندنەوە)**. ئێوە دەبێ خەرجییەکانی گەڕاندنەوە بگرێنە ئەستوو و بۆ چەندین ساڵ دەرفەتی ئەوەتان چیدیکە نامێنێ بە رێگایی یاسایی گەشت بۆ ئەڵمانیا بکەن یاخود هیچ وڵاتێکی دیکەی یەکێتی ئەورووپا (قەدەغەی گەشتکردن). بەبێ کاغەزەکانی مافی مانەوە|ئیقامە ئێوە ناتوانن لە ئەڵمانیا بمێنن: پێویستە ئێوە هەر کاتێک حەسابی ئەوە بکەن کە پۆلیس دەستگیرتان دەکات و ئێوە بۆ وڵاتی خۆتان دەگەرێندرێنەوە. **بژاردەی گەڕانەوە بەخواستی خۆت بقۆزەوە پێش ئەوەی رێکارەکانی کۆتاییهاتنی مافی مانەوە|ئیقامە بگرێنە بەر.**

## گەرانەوە لەسەر خواستی خۆت بۆ وڵاتی خۆتان لە لایەن دەوڵەتی ئەڵمانییەوە پشتگیری لێ دەکرێت

پرۆگرامەکانی گەرانەوە و دووبارە خۆگۆنجاندن زۆر هاوکاری جۆراوجۆر پێشکێش دەکەن وەکو؛ ئەگەر پارەتان نەبێ، بۆ ئەوەی خۆتان خەرجی گەرانەوەکە بدەن. بۆ ئەو کەسانەی لەسەر خواستی خۆیان دەگەرێنەوە لە هەندێک وڵاتی دەستنیشانکراو، ئۆفەر|عەرزی دیکەیشی بۆ هاوکاریکردنیان لە بەردەست هەن، بۆ ئەوەی ئاسانکاری بۆ بکرێت لە دەستپێکردنی سەرەتایەکی تازە لە وڵاتی خۆیان. یەکێک لەو پشتگیریانە ئەوەیە دەرفەتی ئەوەتان پێدەدات، سەربەخۆیانە بگەرێنەوە و بە وریاییەوە ئامادەکاری بۆ رویشتنتان بکەن.

### چ هاوکارییەک دەکرێ بە ئێوە بدرێت؟

**پرۆگرامی گەرانەوە** هاوکاری بە ئێوە دەدات لە بواری رێکخستن و دارایی|پارە لە لە کاتی گەڕانەوەدا لەسەرخواستی خۆت.

- خەرجییەکانی سەفەرکردن سەرف دەکرێن
- پێدانی هاوکارییەکی دارایی بەرچاو
- سەرفکردنی خەرجییەکانی تەندروستی




**پرۆگرامە جیاوازەکانی دووبارە** خۆگۆنجاندن دەتوانن هاوکاری ئێوە بکەن لە دەستپێکردنی سەرەتایەکی نوێ لە وڵاتی خۆتان.

- رێکارەکانی پێگەیاندن و تواناسازی پیشەیی
- هاوکاریکردن لە گەرانەوە بەدوایی دەرفەتی کارکردن
- هاوکاریکردن لە دروستکردنی کۆمپانیایەکی بچووک | دروستکردنی کارێکی سەربەخۆ
- هاوکاریکردن لە بواری نیشتەجێبوون دا
- هاوکاری و راوێژکاری لە بواری پەیوەندیدار بە پرسەکانی کۆمەڵایەتی و تەندروستی

### لە کوێ زانیاری زیاتر وەردەگری؟

لە سەر پۆرتاڵی زانیاری: **www.ReturningfromGermany.de** دەربارەی گەڕانەوە لەسەر خواستی خۆت و دووبارە گۆنجاندن ئێوە دەتوانن زانیاری دەربارەی وڵاتەکانی لێی هاتوون هەروەها پرۆگرامی گەرانەوە و دووبارە خۆگۆنجادن و لە رێگای گەرانی ناوەندی نزیکترین ناوەندی راوێژکاری گەرانەوە بدوزنەوە وەربگرن. لە گەڵ ئەوەش ئێوە دەتوانی پەیوەندی بە هێڵی گەرمی فەرمانگەی فیدرالی کۆچ و کۆچبەران (BAMF) بکەن: **0 – 943 911 49+**



## راوێژکاری گەرانەوە هاوکاری زیاتری ئێوە دەکات

ئەگەر ئێوە ئارەزووی گەڕانەوە لەسەر خواستی خۆت بۆ وڵاتی خۆتانەوە دەکەن، ئێوە دەتوانن بۆ هەموو پرسیارەکان پەیوەندی بە راوێژکاری گەرانەوە بکەن.

- راوێژکاری گەرانەوە بێبەرامبەرە، نهێنی یە و تاکەکەسی | شەخسی یە.
- هاوکاری ئێوە دەکات لە رێکخستن و ئامادەکاری بۆ گەرانەوە، لە پێشکێشکردنی فۆرمەکانی پشتگیری ماددی و ئەگەر هەشبووبێت داواکردنی هاوکاری دیکەش.
- پشتگیری ئێوەش دەکرێ لە بەدەستهێنانی جێگرەوەی پاسپۆرت، ئەگەر ئێوە خاوەنی پاسپۆرتێکی بەکار نەبن.
- بۆ ئەوەی ئێوە لە گفتوگۆیی راوێژکاریدا هەموو شتێک تێبگەن، کەسێکی وەرگێر؛ ژن یان پیاو، لەوێ هەیە. ئێوە دەشتوانن خۆتان کەسێک بهێننە نووسینگەی راوێژکاری گەرانەوە بۆ ئەوەی وەرگێران بۆ ئێوە بکات.

## ئایا دەرفەتی گەرانەوە بەخواستی خۆت هەموو کاتێک هەیە؟

هەروەها گەرانەوە لەسەرخواستی خۆیی بۆ وولات چانس و ئاسۆی نوێ دەبەخشێت بە داواکارانی مافی پەنابەرایەتی ئەوانەی پرۆسەی پەنابەرایەتییەکانیان کۆتایی نەهاتووە، و ئەو کەسانەی کە مافی مانەوە ئیقامە پێدراوە.

**ئێوە دەتوانن تەنانەت لە کاتی بەرێوەچوونی پرۆسەی پەنابەرایەتی داوای راوێژکاری گەرانەوە بکەن. ئەمە هیچ کاریگەرییەکی بە سەر دەرئەنجامی پرۆسەکەوە نییە.**



### ئارەزووی گەرانەوە لەسەر خواست دەکەن؟ مۆعیدێک لەلای نزیکترین نووسینگەی راوێژکاری گەرانەوە وەرگرە:

هیچ مافێکی یاسایی لە سەر هاوکاریکردن لە حاڵەتی گەرانەوە لەسەرخواست نییە. پێدانی هاوکارییەکە بۆ هەر کەسێک تەنیا یەکجارە. لە کاتی دووبارە هاتنەوە بۆ ئەڵمانیا یاخود نەچوونە دەرەوە / نەگەڕانەوە، دەکرێ ئەو هاوکارییەی دراوە، داوایی گەڕاندنەوەی بکرێت.